# هەڵاواردن لە دیاری کردنیبودجەبەپێ یاسایئیدارەی فیدراڵی

لەناو دەنگ و باسەکانی ئەم مانگەدا کە پەیوەندی‌یان بە هەل و مەرجی کوردستانی عێراقەوە هەبوو، هەواڵێکی گرینگ بە ئەسپایی هات و تێپەر بوو و وا دیارە سەرنجێ`کی زۆیشی بەرەو لای خۆی رانەکێشا. ئەو هەواڵە کە لە رۆژنامەی "چاوەێر" ژمارەی ٦ی رۆژی٨ی خەزەڵوەردا هاتووە ئەمەیە:

" لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بودجە بۆ پارێزگاکان دیاری کراوە و سەرجەم ناوچەی ژێر دەسەلاتی هەردوو ئیدارەکەی حکوومەتی هەریمی کوردستان رێژەی ١٠٪ بودجەی هەموو عێراقی بۆ دیاری کراوە"، هەواڵەکە دەلێ: "ئەو کێشەیە دوور نییە ببێ بە مایەی گرژییەکی سیاسی لەنێوان هەردوو ئیدارەی هوێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دا".

ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمەیە بەرئاوەرد کردنی کارناسانەی پێداویستی‌یەکانی ناوچەکانی باشوور و باکوری ناوەندی عێراق نییە. کێشەکە لەسەر دابەش کردنی "عادلانەی" سەروەتی ولات بەسەر پارێزگاکان بەبێ هەڵاردن و شتی‌تری لەم چەشنەش نییە. گومان لەوەدا نییە لە سیستمێکی بوروکراتیکی بورژوایی‌دا و لە ولاتیکی ناسەقامگیری وەکوو ئێستای عێراق دا ناتوانێ قسەیەك لە دابەش کردنی بودجەی ولات لەسەر ئەساسی عەدالەت و یەکسانی لە گۆرێ‌دا بێ و کێ دەلێ ئەو ٩٠٪ی کە بۆ ناوچەکانی‌تری عێراق تەرخان کراوە، بۆ ئاوەدان کردنەوە و خزمەت گوزاری گشتی و دابین کردنی ژیانی باشتر بۆ جەماوەر سەرف دەکرێ؟

هەڵاواردن لە دابەش کردنی بودجە بۆ کوردستان لە رابردوودا بەردەوام یەکێك لە دیاردەکانی ستەمی نەتەوایەتی بووەو و ئەوەی کە لەم هەواڵەدا جێگای سەرنجە، ئەو راستی‌یەیە کە چلۆن کێشەی ستەم کردن لە خەلکی کوردستان لە عێراقی فیدرالی داهاتووش دا، تەنانەت ئەگەر هەموو لایەنێکی سیاسی و ئیداری و جوغرافی نیزامی فێدرالی بە رێك و پێکی بەرێوە بچێ، هەر بەردەوام دەبێ.

ئێمە بەردەوام وتوومانە کە فێدرالیزم لە چوارچێوەی دەوڵەتانی نادیموکرات و جیا لە خەلك دا، کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکات. ئەگەر دەوڵەتێکی نادیموکرات و سەرکوتگەر لە مەرکەز لەسەر کار بێ، بەپێی سەرەتاکانی ئیدارەی فیدرالی، ئەو دەوڵەتە ئامرازە سەرەکی‌یەکانی داسەپاندنی هەلاواردنی نەتەوایەتی و سەرکوت و داپلۆسێنی کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانی هەر بە دەستەوە دەبێ، یەك لەوانە بودجە و بەرنامەی ئابووری سەراسەری ولاتە. لە پاڵ ئەوەش دا هەروەها سیاسەتی دەرەوە و سوپا و دەزگاکانی نیزامی و

ئاسایش هەر لە دەست دەوڵەتی مەرکەزیدا دەهێنێتەوە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئەبیسین ئەرتەشی عێراق دەرچووەکانی کۆلیجی عەسکەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە رەسمی ناناسێ.

هێشتا مەرەکەبی ئیمزای یاسای بەڕێوە بردنی سیستمی فیدراڵی لە عێراق وشک نەبۆتەوە و لە کاتێک دا کە دەوڵەتی مەرکەزی لە ئەوپەری لاوازی و کەم دەسەڵاتی دایە، لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بە پشت بەستن بە یاسا و لە ڕێگەی ناوەندەکانی خاوەن بریاری خۆیەوە، ئامرازی زەختی ئابووری لەدژی یەکێك لە و ناوچانەی کە قەرار وایە ببێ بە بەشێك لە عێراقێکی فیدراڵ، بە کار دێنێ.

خۆ ئەگەر ئەو برینانەی کە دەوڵەتانی سەرکوتگەری پێشوو لە جەستەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیان داوە و ئینسانەکانیان بە هۆی جیاوازی لە ئایین و نەتەوەدا لە یەکتر دردۆنگ و نامۆ کوووە، ساڕێژ بووبانەوە، ئەگەر رووخانی رژیمی بەعس لە ئاکامی خەباتی هاوبەشی هەموو خەڵکی عێراق هاتبا کایەوە، ئەگەر دەوڵەتێکی کریکاری و سوسیالیست یان لانی کەم پێشکەوتن خواز و سکۆلار لەسەر دەسەڵات بوایە، لە وەها بارودۆخیك دا بێگومان خەڵکی کوردستان بە پەرۆشی ئەوەوە دەبوون کە بۆ سەر لەنوێ بینا کردنەوەی ویرانیەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانی سەرەتایی خەڵکی لێقەوما و شەڕ لێدراو لە بەشەکانیتری عێراق بودجەی پێویست تەرخان بکرێ، لە وەها کاتێك دا کەسیش هەستی بێ بە نابەرابەری و هەلاواردن نەدە کرد. ئەوسا لە چوارچێوەی سیستمێکی شوورایی لە دەسەڵات دا، گەڵاڵەی فیدرالیزم وەکوو یاسایەکی ئیداری دیموکراتیك تری وڵات دەیتوانی زەمانەت بێ بۆ کەم کردنەوەی نیگەرانییەکانی خەڵکی کوردستان، بەدەست هێنانی کات بۆ ئەوەی ئەو کەلێنانەی کە بە شێوەیەکی دەسکرد لە مابەینی ئینسانەکان دا پێکیان هێناوە پڕ بکرێتەوە، دەیتوانی ڕێگا خۆش کەر بێ بۆ دابین بوونی راستەقینەی مافی یەکسانی هاووڵاتی بوون بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە.

بەڵام کاتێك کە هیچکام لەمانە روویان نەداوە، دەوڵەتێك لەسەر کارە کە شەرعییەتی خۆی لە دەنگ یان لە خەباتی جەماوەر وەرنەگرتووە، برینەکانی تەفرەقە و چەند بەرەکی نەك ساڕێژ نەبوونەوە بەڵکو بەردەوام قووڵتر دەکرێنەوە، رووخانی رژیمی عێراق نەك لە ئاکامی خەباتی هاوبەشی شان بەشانی هەموو خەڵکی عێراق، بەڵکو بەهۆی پلانێکی دیاری کراوی عەسکەری بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئامریکاوە هاتوەتە دی، هەر دەوڵەتێکی ناوەندی کە لە ئاکامی وەها بارودۆخێك بێتە سەرکار مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە دەسەڵاتی بەناو یاسایی خۆی بەکار بێنێ و خەڵکی ستەم لێکراو سەر لەنوێ لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەش کات.

دیاردەی دیاری کردنی بودجەیەکی نایەکسان و نەگونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی ئابووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە، سەرەتای کێشەیەکە کە ناوەرۆکەکەی لە بێتوانایی گەڵاڵەی فیدرالیزم لە چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی دا سەرچاوەی گرتووە.